# بیرێك لە ڕزگار كردنی وڵات بكەرەوە

نووسینی : عەزیز نەسین
وەرگێڕانی: كامیل محەمەد

لە كاتێكدا ویستی لە پشت مێزەكەوە دابنیشێ لە سكرتێرە جوانەكەی كە لە بەردەم مێزەكەی ڕاوەستابوو پرسی :

– كرێكارەكان ئامادەن یان تائێستاش بەهانەدەگرن ؟

خانمی سكرتێرە بەزەردەخەنەیەكی دڵتەنگی ئامێزەوە كەهەوڵی دەدا واپیشان بدات دڵگرانە وەڵامی داوە

– بەدڵگرانیەوە تائێستاش لەسەركار ئامادەنین .

ئیحسان بەگ مشتێكی بەتوندی كێشا بەمێزەكەداو هاواریكرد :

– من پێشتر مەرجەكانی ئەوانم قبوڵكرد .....ئیتر چ دەردێكی تریان هەیە ؟

– پەیامیان ناردوە تاكو گشت مەرجەكانیان قبوڵ نەكرێ وازلەمانگرتن ناهێنن .

ئیحسان بەگ لەزۆری ناڕەحەتی جگەرەیەكی داگرساند ،دوكەڵەكەی لەسەرەوە بڵاوە پێكرد .ئیترلەمەزیاتر تاقەتی نەئەگرد ...بۆ دوو هەفتە ئەچوو كرێكارەكان مانیانگرتبوو....

"كرێكاریَ كەدەساڵ لەمەو پێش دەلیرە حەقدەستی وەردەگرت .ئێستا سی لیرەی دەوێت !!".. ئەمەهەرگیز ناگونجێت ..وڵاتێ كەدواكەوتووە بەم وەزعە هەرگیز ڕزگاری نابێت !! بەدڵگرانیەوە یەك لەدوای یەك جگەرەی ئەكێشا،ئەبیٚ بیرێكی بنە ڕەتی بكاتەوە !...

(( ئەگەر نەتوانم ڕێگە چارەیی پەیدا كەم دروستكراوە كانی وڵات لەناوئەچێت ..))

هەرچەند بیری كردەوە نەگەیشتە ئەنجامیٚ ...لەبەر ڕزگاری وڵات وپێشكەوتنی دروستكراوەكان لەووڵاتدا بڕیاری دا چەندكەس لەكرێكارەكان وەدەر بنیٚ !...ناوی سی ..چل ..دانە لەكرێكارە كانی لەسەر كاغەز نوسی بەڵام ئەعسابی ئارام نەبووە .بەبیرێك گەیشت كەوا بۆ ما وەیەك كار خانە بوەستینێت . بەڵام ئەم كارەشی بەژیرا نە نەهاتە بەر چاو ...

فەرمانی دا قاوەیەكی شیرینی بۆ بهێنێن ...بەڵام قاوەیش نە یتوانی ئەعسابی ئارام بكاتەوە !..

لەژێر لێوە وە دەستی كرد بە وورتە ...ورت ! كێشە كانی ناو كارگەكان لە كێشەكانی دەوڵەتەوە دەست پێدە كات .....هۆی سەرەكی كێشە كان لەووڵات ،لە بەرلاوازی یاسا و خراپی جێبە جێكردنە .بۆ ڕزگار كردنی وڵات ئەبیٚ كارەكان لە سەرەوە بۆ خوارەوە بگۆڕێت .

ئەم گۆڕانكارییانە یەكەم جار ئە بێت لە منەوە دەست پێبكات! هەرچی زوتر بێت باشترە !!شۆفێرە كەی بانگ كردو بڕیاریدا ئۆتۆمۆبێلەكەی بگۆڕێت .

– مۆدێلی ئەم ئۆ تۆمۆبیلە كۆنبووە .... خێرا ... بیگۆڕە ڕەوە بە ئۆتۆمۆ بیلێكی ئاخر مۆدێل ..

دوایی لە گەڵ سكرتێرە جوانە كەی بۆ بە سەر بردنی پشوی كۆتایی هەفتە بۆ قەراغ دەریا بەڕوات تا لەهەلێكدا بیرێك بۆ ڕزگار كردنی وڵات بكاتەوە

.دوو كچی گەنجی خوێندكاری زانكۆ كە هاوڕیٚ برینداره كەیان كە لە هۆڵێكی گەورەی حزبیدا كەوتبونە بەر پەلامار ی چەقۆ بەزەحمەت ئەیانگەیاندە نەخۆشخانە لەحاڵێكدا وەكو هەوری بەهار لە چاوە سەوزو ڕەشە كانیا نەوە فرمێسك ئە هاتە خوار دەستیان كرد بە ووت و وێژ ! ((هەموو ئەمانە تاوانی ئەوانەیە كە بۆ پڕكردنی گیر فانیان هە میشە شت و مەكەكانیان دەشارنەوە بۆ دروست كردنی بازاڕی ڕەش ..ئە مانە نایانەوێت وڵات ئارام بێت ... لاوەكان بەر ئەدەنە گیانی یەكترو ئاو لێڵ ئەكەن تاڕاوی ماسی بكەن ))

كچە چاو سەوز ومو بۆرە كە وە كوتەرەقەیەك بتەقێت خۆی هاویشتە ناوەڕاست و گوتی :

((ئەوانە وابیر ئەكەنەوە ئەیەڵێن بیٚ سەرئێشە بن... ئەگەر بەقیمەتی گیانیشمان تەواو بێت ئەبێت وڵات ڕزگار بكەین)) كۆمەڵێك گەنجی بیٚ كار لەویا كۆبونەوە و دەستیانكرد بەچەپڵە لێدان و هاندانی كچەكان ((هەر بژین ڕۆشنبیرانی لاو ))

كچە چاو ڕەشە كە بەپێكەنینەوە سوپاسی لاوە كانی كرد وگوتی :

– من پەیمان ئە دەم بۆ ڕزگاركردنی وڵات تادوادڵۆپی خوێنم ململانیٚ بكەم !..

كچە چاو سەوزەكە دووبارە گوتی :

– ڕاپەڕین بۆ ئازادی وڵات ...

كچە كان موەكانیان شانە كردوو ..ئارایشتەكانیان تازەكردووەٍ... لەگەڵ دوودانە لە لاوە كان چون بۆ سینەما تابەمێشكێكی ئارامەوە ڕێگەیەك بۆڕزگاری وڵات پەیدابكەن..

سەرۆكی حیزبی دژ بەگەرم و گوڕییەوە قسەی كرد .

(( خەریكین نوقم دەبین ... دەردەسەریەكانی خەڵك بەقەد كێوێكیان لیٚ هاتوە )).

ڕۆژانە هەزار نامە ئەگەیشتە دەست سەرۆكی حیزب ... زۆربەی پارێزەران ئەیانپرسی :

– چۆن سەرۆكی حیزب پێشی ململانێكانی دەوڵەت ناگریٚ؟!))

" چون بڕیارێكی یەك لا كەرەوە لە بەرامبەر زوڵم و زۆری دادگا دەر ناكات ؟! ...."

بەڵیٚ ئەم یاسایانە پورتوكاون و وڵات بەرەوە نابوتی و سەر گەردانی وئەبەن ..... ئەبیٚ وڵات رزگار بكات .... سەرۆ كی حیزبی دژ بە ئاماژە بۆ سكرتێرە تایبەتەكەی قسەكانی بەناتەواوی بەجیٚ هێشت .

پەیمانی بە پارێزەران دا لە كاتێكدا هەڵبژاردنی داهاتودا هاتە پێشەوە تا دوا دڵۆپی خوێنی بۆ رزگار كردنی وڵات هەوڵبدات ڕێگەیەك بدۆزێتەوە .

دواتر بۆ بەستن و مۆركردنی كارێك قۆنتەراتچییەكی گەورە كە ئامادە بوو لەبرامبەر كارەكەیدا خەرجی پێشەوای حیزب بدات لە هەڵبژاردنی داهاتودا ،بۆ نوسینگەی تایبەتی پێشەوای حیزب چوو دەرگاكەیان لەناوەوە كلیل دا ١!!! ..

ژنی حسیەن بافندە كە چەند خۆلەكێك پێشتر كوتەكێكی باشی بەدەستی مێردەكەی خواردبوو . لە حاڵێكدا ئەگریا و لەوەزعی وڵات شكایەتی ئەكرد:

– پەیوەنی بەمنەوە چییە وەزعی مەملەكەت خراپە و كاروكاسبی نیە !! من چ گوناهێكم كردوە زۆریان لەگەڵ تۆ گوتووە ... خوا دەستت بشكێنیٚ ئەی پیاو ! لە دەرەوە تۆڕە ئەبیت و دێیتەوە بەر ئەبیتە گیانی من و داخی دڵی خۆت بەمن ئەڕێژی؟.!

حسیەن بافندە كە دەست و پێی ئەلەرزی بەسەر ژنەكەیدا قیڕاندی :

– هەستە قاوەیەكم بۆ دروست بكە .

– قاوەمان نیە ....

– چاییەك دەم بكە ...

– چایش تەواو بووە ....

– لانی كەم كلۆیەك شەكر و ئاوی گەرم بدە بەمن .....

– شەكر لە كویٚ پەیدا ئەبیٚ ؟! ...

حسیەن بافندە لەسەر تەختەكە دارینەكەی درێژ بوو ، بەڕق و قین و تورەنییەوە :

" وڵات خەریكە لەدەست ئەچیٚ ... دەركردنی كرێكارو بێكار كردنی كار مەندەكان بیانوە ... ئیتر زوڵم لەمە زیاتر نیە ... بۆ رزگاری وڵات ئەبیٚ پێش بە زۆر بڵێی و هەق كوژی بگیرێت ...."

حسەین ئاغا چەقۆیەكی لە چێشتخانە هێناو بەر بووە گیانی ژنەكەی تا لە دوایدا ڕێگەیەك بۆ رزگار كردنی وڵات پەیدا بكات .

كۆمەڵی لە دێهاتیەكان لە چایخانەی گوند كۆبونەتەوە خەریكی باس كردنن ، خاڵۆ حەسەن ئەڵێی :

– وڵات خەریكە لەدەست دەر ئەچیٚ ئێمە لە چایخانە قاچمان ناوە سەر یەك تەماشا ئەكەین ....

قودرەت نەعلەبەندی قسەكانی خاڵۆ حەسەنی راستاند :

– وڵاتێك كە كشت و كاڵ تیادا رۆژ بەرۆژ خراپتر بێت ، ئاشكرایە لەدەست ئەچیٚ .

ئاغا ڕەجەب كاغەزێكی لە گیرفانی دەرهێناو دای بە كوڕێكی گەنج كە لایدا دانیشت بوو :

– توخوا ئەو كاغەزە بخوێنەرەوە ..

كوڕە گەنجە نامەكەی حونجە ئەكرد :

" ئەو ترێیەی كە بۆت ناردبووم فرۆشتم پاشان كریٚ مەیدان دارو ئۆتۆمبیلو باجی عەلوەو پارەی سندوقی كۆمیسیۆنە و لایەنی پەیوەندیدارم لیٚ دەركردوە حەفتاو پێنج لیرە ماوەتەوە كە ئێوە داوای حسابتان كردبوو "

قودرەت نەعلە بەندی دەهری بوو بوو رۆحی دایك و باوكی وەزیری كشت و كاڵی ئەم دیوو ئەو دیوو ئەكرد و ئەیگووت :

– ئەبینی ساڵێكی تەواو رەنجم كێشا ... هەموو خەرجێكم كرد تا سەیارەیەك ترێم نارده بازاڕ .... باقییەكەی حەفتاو پێنج لیرە بوو .... ئاخر ئەگەر ئەو پارەیە هەموو قازانج بێت ئەبێت بەچی ؟!

حاجی عەموو سەری راوەشاند و گوتی :

– بڕۆ شوكری خوابكە قەرزار نەبوویت ... من سەیارەیەك شوتیم نارده شار .... پارەی كریٚ سەیارەكەی دەر نەهێنایەوە بڕێك پارەش قەرزار بووم .

كەی خودا عەلی كۆكەیەكی كردو گوتی :

– پێویستە تا درەنگ نەبوە وڵات رزگار بكەین.

محەمەد حیزبی قسەكانی راستاند :

– ئەبیٚ لە بناغەوە دەست پیٚ بكەین .

دەروێش چراساز پرسی :

– بۆچی ماتڵی ..... زوتر دەست بەكاربە .

كامیل خەرەكچی وەڵامی داوە :

باشترە ئێستە شەش كەسی یارییەكی كاغەز بكەین دواتر لە فرسەتێكدا بیرێكیش بۆ رزگاركردنی وڵات بكەینەوە .